کۆماری عیراق ■ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن ■ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
کتێبی ژمارە (٢٣٥)

# غەریب شەیدا

نووسینی لیرمەنتۆف
د.عدنان حقی زەنگنە و مکرم رشید تاڵەبانی
لە ڕووسیەوە کردوویانە بە کوردی



# العاشق غريب

تأليف

ليرمنتوف

ترجمة

د.عدنان حقي زنكنه

و

مكرم رشيد الطالباني

عن الروسية

له سەردەمێکی کۆندا پیاوێکی دەوڵەمەنـد لە شـاری تەفلیس دەژیا ، خـوا سامانو زێڕێکی زۆری پێبەخشیبوو ، کچێکی جوانیشی پێبەخشیبوو ناوی ماگوڵ ـ میگیر بوو ، لەلای ئەو هەموو سامانو زێڕێکی دەهێنا .

وەك چۆن ئەستێرە بەئاسمانەوە جوانن و پەرییەکان لەچوار دەوریان جوانترن ئەوا کیژەکانی شاری تەفلیس جوانن بەڵام ماگوڵ ـ میگیر لە هەموویان جوانترە .

لە شارەکەیشدا لاوێکی هەژار دەژیا ناوی غەریب شەیدا بوو ، یەزدان دڵێکی گەورەی پڕ لە خۆشەویستیو دڵسۆزیو دەنگێکی خۆشی پێبەخشیبوو دەرووونی دەهەژانـد . غەریب شەیدا حەزی لە گۆرانی بێژی دەکـردو سازژەنێکی لێهاتوو بوو ، بەشداریی شادیی کەسانی دیی دەکردو هامو شۆی ئاهەنگی شاییو زەماوەندەکانی دەکـرد .. ڕۆژێکیان غەریب شەیدا لە ئاهەنگێکدا گۆرانیی دەگوت چاوی بە چاوی ماگوڵ ـ میگیردا تەقییەوەو .. خێرا هەریەکە ئەوی تری خۆشویست . بەڵام غەریب شەیدا لاوێکی هەژار بوو چۆن دەتوانێت ماگوڵ ـ میگیر بخوازێت کـە کیژی بازرگانێکـی دەوڵەمەندە ؟ هیچ پارەو پوولێکـی نییە تەنیا دەنگێکی خۆشی هەیە ئیتر چـۆن دەتوانێت ئەم ئاواتە زۆر دژوارە بەدی بهێنێت ؟

غەریب شەیدا بیری لە کیژە جوانەکە دەکردەوەو وەك ئاسمانی زستان ڕووی درژ بوو ٠

ڕۆژێکیان غەریب شەیدا چووە ناو دارستانو لەژێر ( دارمێو )ەکاندا دانیشتو سازەکەی پێبوو ، بیری لە دوا ڕۆژی خۆی دەکردەوە ٠ خەوێکی قورسی لێکەوتو ٠٠ کاتێك لەژێر دار مێوەکاندا ڕاکشابوو ماگوڵ ـ میگیری کیژی جوان بەخۆیو دەستە خوشکەکانیەوە بەلایدا تێپەڕبوونو ، لە تەنیشتیەوە ڕاوەستان یەکێکیان چوونە پێشەوەو سازەکەی هەڵگرتو بەپەنجەکانی ژێیەکانی ژەنیو یەکێك لە گۆرانییەکانی غەریب شەیدای چڕیو ڕووی کردە ماگوڵ ـ میگیرو پێی گوت :

ـ وەرە شەیدایە جوانەکەت هەڵبسێنە ٠٠ ئەوەتا لەژێر ( مێوە )کەدا نوستووە ٠٠ بۆیە ماگوڵ ـ میگیر بەرەو شوێنەکە تێی تەقاند ٠٠ دەستە خوشکەکەی سازەکەی بەدەستەوە بوو دەستی بەگۆرانی چڕین کردو لێی نزیك بووەوە پێی گوت : چی دەکەیت ؟ دەستە خوشکەکەی گوتی : تۆ ئەگەر بزانیت بۆ کێ ئەم گۆرانییە دەچڕم ئەوا سوپاست دەکردم ٠ بۆ ( غەریب )ی شەیدای تۆی دەچڕم ٠ ماگوڵ ـ میگیر گوتی : « بمبە بۆ لای لە کوێیە ؟ نوستووە ؟ » دەستە خوشکەکەی دەستی گرتو بۆ ئەو شوێنەی برد غەریب شەیدای تێدا نوستبوو ٠ روومەتە جوانە درژەکەی بینی ٠٠ ماگوڵ ـ میگیر لێی پرسی : بۆچی وا بەخۆت دەکەیت ؟ بۆچی پەژارەت

لێ نیشتووه ؟ شەیدا وەڵامی دایەوە : چۆن پەژارەم لێ نەنیشێت من خۆشم دەوێیت و تۆیش هەرگیز بۆ من نابیت ..

ماگوڵ ــ میگێر گوتی : منیش تۆم دەوێت کەواتە لە باوکم داخوازیم بکە . ئەو خۆشی دەوێم و هیچ داخوازییەکم ڕەت ناکاتەوە مادامەکێ من قایلم ئەوا خۆیشی لە زەماوەندو شاییدا یارمەتیمان دەدات و هەرچیمان پێویست بێت پێشکەشمان دەکات .. چونکە پارەیەکی زۆری هەیە بەدرێژایی تەمەن بەشمان دەکات .

غەریب شەیدا وەڵامی دایەوە : باشە منیش قایلم کەواتە باپشت بەخوا ببەستین ، مادامەکی باوکی دەوڵەمەندت هیچ داخوازییەکمان ڕەت ناکاتەوە ، بەڵام کێ چوزانێت دوای ژنو مێردیمان باری ژیانمان چۆن دەبێت و تۆ چۆن لەگەڵمدا دەژیێت چونکە من هیچ شتێکم نییەو دەتوانم چیت پێشکەش بکەم . ناخۆشەویستەکەم ماگوڵ ــ میگێر . من دڵم لە بەردەستی تۆدا دادەنێم و پەیمانت پێ دەدەم جگە تۆ کەسی ترم خۆش نەوێت . بۆیە داوات لێ دەکەم ڕێگەم بدەیت حەوت ساڵ لەم شارە دوور بکەمەوە یان بۆت دەگەڕێمەوەو سامان و پارەیەکی زۆرم لەگەڵدا دەبێت بەچەشنێك بەشمان بکات بەدەوڵەمەندی و شادومانی بژیین یان لە بیابانەکاندا دوور لە تۆ دەمرم .. ئەگەر بەوەی دەیڵێم قایل بیت ئەوا پاش حەوت ساڵ بۆمن دەبیت ..

ماگوڵ ـ میگیر گوتی : من بەهەموو ئـەوەی دەیڵێیت قایلم بەڵام ئەگەر پاش حەوت ساڵ لەم ڕۆژەوە نەگەڕایتەوە لام ئەوا من دەبمە ژنی خورشید بەگ ئـەو پیاوە دەوڵەمەنـدەی ماوەیەکـی دوورو درێژە دەیەوێت مێردی پێبکەم بەڵام من نامەوێت • غەریب شەیدا قایل بوو ، بۆ لای دایك و خوشکەکەی گەڕایەوەو ئاگاداری کردن کـە بڕیاری داوە بۆ ڕۆژی پەیدا کردن سەفەر بکات • دایکی داوای لە خواوەند کرد لە ئەرکەکەی سەری بخات و بەساغی بۆی بگێڕێتەوە •• لەبەردەستی دایکی دا کڕنووشی بردو هەردوو دەستی ماچ کرد پاشان ڕووی کـردە خوشکەکەی و ماچی کردو پاشان پریاسکەیەکـی هەڵگـرت و هەموو ـ پێویستییەکی تێ ئاخنی و گاڵۆکەکـەی بەدەستەوە گرت و لەشاری تەفلیس دەرچوو • کە بەڕێگادا دەچوو تەماشای دواوەی کرد بینیی سوارێك دووی کەوتووە کە لێی نزیك بووە •• ناسییەوە • خورشید بەگ بوو • پاش ئەوەی سەڵاوی لێکرد ، لێی پرسی : غەریب شەیدا بۆ کوێ دەچیت ؟ مـن دەمەوێت ببمە هاوڕێی سەفەرت و هیوات بۆ دەخوازم ڕێگەی سەرفرازی بگریتەبەر •

بەڵام غەریب شەیدا هاوڕێی سەفەرەکەی بەدڵ نەبوو ، لە هەمان کاتیش دا نەیتوانی خۆیی لێ ڕزگار بکات •• هەردووکیان پێکەوە ماوەیەکی درێژ ڕێیان بڕی ، ئەنجام ڕووبارێکـی گەورەیان لەبەردەم خۆیان دا بینی هیچ پردێکـی لەسەر نەبوو •• هیچ بووارێکیشی نەبوو بەپێ لێی بپەڕێتەوە •• غەریب شەیدا

دەستەو ئەژنۆ ڕاوەستا بەڵام خورشید بەگ پێی گوت : ئەی لاو بەمەلەوانی بپەڕەوە ئەوبەرو منیش دووت دەکەووم . کەڵو پەلەکەت داکەنە مــن بۆت هەڵدەگرم .

غەریب شەیدا کراسەکەی داکەندو چووە نێو ڕووبارەکەوە بەرەو ئەوبەر چوو .. کاتێك گەیشتە ئەوبــەر تەماشــای خورشید بەگی کرد بینیی کەڵو پەلەکەی پێیەو خێراو تونــد بۆ تەفلیس دەگەڕێتەوە . پاشان چوو بۆلای دایکــی غەریب شەیداو پێی گوت . ئەمە کەڵو پەلی کورەکەتە لە ڕووبــارە قووڵەکەدا خنکــا .

دایکی بەسەر کەڵوپەلی تەنیا کوڕەکەیدا زۆر گریــاو پاشــان چوو بۆلای ماگوڵ ــ میگیر کــە چاوی پێ کەوت پێی گوت : دەزگیرانەکەت خنکاوەو ئەمەیش کەڵو پەلەکەیەتی خورشــید بەگ بۆی هیناومەتەوە .. ئیتر تۆ ئێســتا کچــم ئازادو سەربەستیت .

بەڵام ماگوڵ ــ میگیر زەردەخەنەیەکی هاتێو گوتی :

ــ دایە باوەڕ بەقسەکانی مەکە .. من حەوت ساڵ چاوەڕێ دەکەمو غەریب شەیدا دەگەڕێتەوەو مێردی پێ دەکەم .

کەچی دایکەکــە دەســتی بەگریان کردو .. گریا .. تــا چاوەکانی سپی بوونەوەو کوێر بوو .. هیچ شتێکی نەدەبینیو .. فەرمانی بەکچەکەیدا سازەکــە لە ژوورەکەدا هەڵبواسێت ، ماگوڵ ــ میگیریش دەستی بەچڕینی گۆرانییەکی غەریب شەیدا



کــردو بەدڵگرانیو خەفەتەوە چووە ژوورەکەی خۆیەوە ••
غەریب شەیدایشـــ بەپێخاووســـی کەوتـــە ڕێو بـــە ڕووتو
قووتی تەنیا شەرواڵێکی لەپێ بوو •• تەقلەیەکی لەسەربوو ••
ئێوارە گەیشتە گوندێك • دانیشتووانی گوندەکە پێشوازییان
لێ کردو ڕێزیان گرتو هەندێك کەلو پەلیان پێبەخشی ئەویش
بەرانبەر بەوە گۆرانیی بۆ چڕینو بەدەنگە خۆشەکەی شادی
کردن • بەم چەشنە لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی ترو ، لـــە
شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەڕۆیشتو لێرەو لەوێ گۆرانیی
دەچڕی •• تا لە شارەکاندا ناوی دەرکردو ئەنجام لـــە شـــاری
( خالاف )دا نیشتەجێ بـــوو •

لەم شارەدا هاموشۆی چاخانە گەورەکەی دەکـــرد کـــە
هەموو کەسێکی تر هاموشۆی دەکاتو تێیدا باســـی تەنگو
چەڵەمەکانیان دەکەنو هەندێك جار هەندێك گۆرانی دەچڕنو
بەگاڵتەو گەپ ڕادەبوێرن •• ئێوارەیەکیان غەریب شەیـــدا
سازەکەی لە یەکێك لەئامادە بـــووان وەرگـــرتو بـــەدەنگە
خۆشەکەی دەستی بەگۆرانی چڕین کرد • هەمووی هێنانە سەماو
بەگەرمییەوە پێشوازییان لێکـــردو داوای زۆرتریـــان کـــردو
پاداشتیان دایەوە •

لەشاری ( خالاف )دا پیاوێکـــی دەوڵەمەنـــد دەژیا بـــە
( پاشا )یان ناودەبرد • زۆری ئارەزوو لە گۆرانی بوو تاڕادەی
شەیدایی • هەرکەیش باســـی هونەرمەندێـــکی بەناوودەنگ

بکرایە • داوەتی دەکردو بانگی دەکردە ماڵەکەی خۆی • بەم چەشنە پاشا جار جار بانگی گۆرانیبێژەکانی دەکردو پارەیەکی زۆری پێ دەبەخشین •

زۆرجاریش لێی بێزار دەبوونو پشتگوێی دەخستنو بەگەورەی پاسەوانەکانی خۆی دەگوت کە پێی دەڵێن چاووش بەدووی گۆرانیبێژێکی تردا بگەڕێت • گەورەی پاسەوانەکانی لەم کارە بێزار بوو چونکە چاخانەی گوندە نزیکەکان دەچوو بەدووی گۆرانیبێژێکی نوێدا دەگەڕا دەنگێکی خۆشی هەبێت پاشای لێ ڕازی بێت بەڵام سوودی نەبوو •

ڕۆژێکیان بەلای چاخانە گەورەکەی شاردا تێدەپەڕی لە ناکاودا دەنگێکی سازگاری بڵندی بەرگوێ کەوت لە چاخانەکەوە دەبیسترا کوتوپڕ بانگی هەندێك لەپیاوەکانی خۆی کردو خێرا چوونە نێو چاخانەکەوە • کاتێك غەریب شەیدا گۆرانییەکەی تەواو کرد چاووش بەدەنگی بەرز بانگی کرد :

ــ وەرە بۆئێرە با پێکەوە بچین بۆ لای پاشای مەزن ئەگینا ئەی لاو سەری خۆت دادەنێیت •

غەریب شەیدا لێی نزیك بووەوەو پێی گوت :

ــ من کابرایەکی خەڵکی ئێرە نیمو لێرە کەس ناناسمو لەشاری تەفلیسەوە هاتووم •

**چاووشەکە پێی گوت :**

ـ وەرە لێم نزیك بەرەوە ، پاشا دەیەوێت گۆرانیی بۆ بچڕیت چونکە دەنگت خۆشە •

**غەریب شەیدا وەڵامی دایەوە :**

ـ من بەئارەزووی خۆم گۆرانی دەچڕم ئەگەر گۆرانی چڕینم بەدڵ نەبوو ئەوا نایچڕم •• پاشا گەورەی ئێوەیە •• گەورەی من نییە •

خێرا غەریب شەیدایان دەستگیر کردو بەرەو کۆشکی پاشا ڕەپێشیاندا • دوایی بردیانە بەردەم گەورەکەی خۆیان • کەپاشا چاوی پێ کەوت بەدەنگێکی نەرمی باوکانە گوتی •

ـ کوڕم من حەز لە گۆرانی دەکەم •• هەندێك لەو گۆرانییانەم بۆ بچڕە کە دەیانزانیت •

غەریب شەیدا دەستی بەگۆرانی چڕین کرد • گۆرانییەکەی باسی یارە جوانەکەی ( ماگوڵ ـ میگیر )ی دەکرد •• پاشایش سەری بۆ دەلەقاندو بەدڵی بوو •

کەلە گۆرانییەکە بووەوە پاشا داوای لە غەریب شەیدا کرد تەکیا لە کۆشکەکەیدا بژێت • زێڕو زیوو مرواریيەکی زۆری پێ بەخشیو جوانترین جلوبەرگی لە گرانبەهاترین پارچەی لەبەر کرد •

وای لێهات غەریب شەیدا بەشادیو کامەرانی لە کۆشکی پاشــادا دەژیاو پارەو سامانێکی زۆری دەستگیر بوو سەرەڕای جلو بەرگی زۆر ٠

لەناو ئەم شادیو کامەرانیەدا نازانین غەریب شەیدا یارەکەی خۆی ( ماگوڵ ــ میگیر )ی لەبیر کــرد یان نا ٠٠ هەرچۆنێك بێــت وای لــێهات لە گــۆرانییەکانــیدا ناوی نەدەهێنا وەك لەسەرەتای ژیانی لە کۆشکــی پاشادا ناوی دەهێنا ٠ ڕۆژگار هاتو ڕۆژگار چوو ، ساڵ بەدوای ساڵداتێپەڕبوونو شەشەمین ساڵیش کۆتایی پێهاتو غەریب شەیدا بیری لە گەڕانەوە بۆلای یارەکــەی ماگوڵ ــ میگیر نەکردەوە ٠

کەچی ( ماگوڵ ــ میگیر )ی جوانو شــیرین دەربارەی چارەنووســی یارو دەزگیرانەکەی ٠٠ پەژارەی لێنیشتو هەرکە بەتەنیا دانیشتبا بیری دەکردەوەو دەچووە نێو خەیاڵەوەو غەمو پەژارەی لێدەنیشــت ٠

ڕۆژێکیان کە لەناو گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوو ، بیستی کــە کاروانێکی گەورەی بازرگانەکان لە شــــاری تەفلیسەوە بەرەو شارەکانی تر دەکــەونە ڕێو بــاری چــل حوشتر کەلو پەلیان پێدەبێتو هەشــتا قوڵە ڕەشــی بازوو ئەســتوور پاسەوانییان دەکــات ٠

ماگوڵ ــ میگیر یەکێك لە کارەکەرەکانی بۆلای بازرگانەکە ناردو بانگی کــرد بێت بۆلای ٠٠ کاتێك بازرگانەکە گەیشــتە کۆشکەکە ماگوڵ ــ میگیر لێی پاڕایەوەو **پێی گوت :**

ــ ئەی بازرگان یارو دەزگیرانەکەم ئەوە پتر لە شەش ساڵە شاری تەفلیسی بەجێ هێشتووە منیش نازانم لە کوێیە • تکات لێ دەکەم ئەی بازرگان ئەم جامە زێڕینە لەگەڵ خۆتدا بیەو هەرکـە گەیشتیتە شارێك یان گوندێك بـە خزمەتکارەکانت بڵێ بەدەنگی بەرز بەناو خەڵکیدا جار بدەنو بڵێن :

ــ خەڵکینە هەر کەسێك خاوەندی ئەم جامە زێڕینـە بناسێتەوە ئەوا دەبێتە ژنیو پارەو سامانو خەڵاتو دیارییەکی زۆری پێ دەبەخشرێت •

ماگوڵ ــ میگیر جامە زێڕینەکەی بە بازرگانەکە داو لـە سووچێکەوە ناوی خۆیی لێ نووسی • پاشان پارەو پوولێکی زۆرو زێڕی بە بازرگانەکە بەخشی •• بەرانبەر بەو کارەی •• سەر لە بەیانیی ئەم ڕۆژەکـەی تر بازرگانەکە لەگـــەڵ کاروانەکەیدا شاری تەفلیسی بەجێهێشتو تەنیا خۆی نەبێت کەس نەیدەزانی ئەو جامە زێڕینە هی کێیە • لەم شـار بۆ ئەو شـــار دەچوو کە کەلو پەلەکەی پیشـان خەلکـی دەدا جارچیش جاری دەدا •• خەڵکینە هەرکێ خاوەندی ئـــەم جامە زێڕینە بناسێت ئەوا دەبێتە ژنیو چەندان دیاریی تریشی پێ دەبەخشرێت •

گەنجو پیرو ئافرەت لە دەوری بازرگانەکـە کۆ دەبوونەوە تا خاوەندی جامەکە بناسن هیچ کامێکیان ( ماگوڵ ــ میگیر )یان نەناســـی •



کاتێك کاروانەکە گەیشتە ئەو شارەی غەریب شەیدای تێدا نیشتەجێ ببوو •• جاڕچی بەناو خەڵکیدا جاڕی دا بەدەنگیبەرز گوتی :

خەڵکینە هەر کەسێك خاوەندی ئەم جامە زێڕینە بناسێتەوە دەبێتە ژنیو دیاریی تریشی پێدەبەخشرێت •

گەنجو پیرو ئافرەتان لە دەوری بازرگانەکە گرد دەبوونەوە تاخاوەندی جامەکە بناسنەوە کەچی کەس نەیناسییەوە • غەریب شەیدا دەنگی جاڕچییەکەی بیستو خۆی

گەیاندە بازرگانو جامەکەی لێوەرگرتو بە ووردی سەرنجی دایــە •• ناوی ( ماگوڵ ـ میگیر )ی خوێندەوە •• بە هەردوو دەستی چەپۆکــی بەسەر خۆیدا کێشاو گوتی :

ـ خوایە •• ! خوایە گیان • من لە کوێمو یارەکەم لـــە کوێیــە •

ماچی جامەکەی دەکردو دەگریا • پاشان بە بازرگانـــە تەفلیسییەکەی گوت : ئەم جامــە هی منە چونکە من خاوەندەکەی دەناســم •

**بازرگانــەکە پێی گــوت :**

ـ بەڵێ هی تۆیە ئەی غەریب شەیدا چونکــە من دەتناسمو بۆ ئەوە هاتووم تا پێت ڕابگەیەنم کــە یارەکەت ماگوڵ ـ میگیر هێشتاکە چاوەڕێت دەکاتو گوتوویەتی حەوت ساڵەکە خەریکە کۆتاییان دێت ئەگەر بۆ لای نەگەڕێیتەوە ئەوا مێرد بە خورشید بەگ دەکات • کە بازرگانەکــە قسەکانی کۆتایی پێهێنا غەریب شەیدا بێهۆش کەوتو بووراوەوە سەر زەوی • کە بە ئاگاهاتەوە هاواری کــرد خوایــە لە ماوەکە تەنیا سێ ڕۆژ ماوەتــەوە • پاشان خێرا بۆ کۆشکــی پاشا گەڕایەوەو بەسەرهاتی خۆیی بۆ گێڕایەوە • پاشایش ئەسپێکی پێشکەش کردو بڕێك زێڕو پارەو دیاریی بەنرخی دایــە • غەریب شەیدا زۆر بە پەلە شارەکەی بەجێهێشتو ڕووی کردە تەفلیس • پشووی بە ئەسپەکــە نەدا • پاش ئەوەی ئەسپەکە ڕێگایەکی دووری بڕی ماندوو و شەکەتبوو

له چوار پەل کەوت و له نزیك شاری ئەرزبیجان تۆپی که دەکەوێته نێوان ئەرزنیان و ئەرزڕوومەوه • غەریب شەیدا لەسەر یاڵەکەوه ڕاوەستاو تەماشای دەوروبەری خۆی کـرد کەسی بەدی نەکرد • دەستی به بیرکردنەوه کـرد چی بکات چونکه ماوەی نێـوان ئەرزنیان تا تەفلیس نزیکەی دوو مانگه ڕێیه به پێ • له حەوت ساڵەکەش تەنیا دوو ڕۆژی ماوه •• به دەنگی بەرز هاواری کرد :

ــ خوایه تۆ هەموو شتێکت له دەسـتدێت •• ئەگـەر یارمەتیم نەدەیت ئەوا مردن به باشتر دەزانـم له ژیان ، چونکه ناتوانم هیچ شتێك لەسەر ڕووی ئەم زەمینه ئەنجام بدەم •

که له پاڕانەوەکـەی بووەوه ، له بناری یاڵەکـه نزیك بووەوەو تەماشای دۆڵه قووڵەکـەی کـرد که ویستی خـۆی فڕێ بداتـه نێو دۆڵەکەوه گوێی له دەنگێکی بەرز بوو لـه دۆڵەکەوه بەرز بووەوه ، که تەماشای سەرچاوەی دەنگەکـەی کـرد سوارێکی بینی بەسەر ئەسپێکی سپییەوه بوو پێی گوت :

ــ ئەی لاو دەتەوێت چی به خۆت بکەیت • له شوێنی خۆت مەجوولـێ •

**غەریب شەیدا وەڵامی دایـەوه :**

ــ دەمەوێت بمـرم •

سوارەکه له خوارەوه پێی گوت :

ــ له یاڵەکه وەره خوارەوەو بێ بۆ لای مـن • غەریب

شەیدا لە یاڵەکــە هاتە خوارەوەو لــە سوارەکە نزیك بووەوە .
سوارەکــە بە دەنگێکــی بەرز ووتی :

ــ دەی دووم بکــەوە !

**غەریب شەیدا پێی گوت :**

ــ چۆن دەتوانم پێت ڕا بگەم چونکە سواری پشتی ئەسپێکی ڕەسەنیت وەك با تیژ دەڕوات . من ماندووم . خەریکــە لــە شەکەتی دا دەمـــرم .

**ســوارەکە وەڵامی دایــەوە :**

ــ تۆ ڕاست دەڵێیت هەموو شتەکانت لەسەر زینەکە دانێ و خۆت دووم کــەوە .

غەریب شەیدا زۆر هەوڵی دا بە دووی سوارەکەدا ڕابکات بەڵام نەیتوانی پێی ڕا بگات .. غەریب شەیدا هاواری کرد :

ــ من ناتوانم پێت ڕا بگەم چونکە ئەسپەکەت لە با تیژترەو منیش ماندووم .

**ســوارەکە پێی گوت :**

ــ ڕاست دەڵێیت خێراکە باز بدەو وەرە پشکەم لە سەر پشتی ئەسپەکەو ڕاستیم پێ بڵێ و درۆم لەگەڵ مەکە .. دەتەوێت بۆ کوێ بڕۆیت ؟

**غەریب شەیدا گوتی :**

ــ با شاری ئەرزڕووم بێت تا شەوەکــەی تێدا بەسەر ببەم .

پێی گوت : « چاووت بنووقێنە » .

غەریب شەیدا چاوی نوقاند . پاش چەند دەقەیەك پێی گوت :

ـ ئێستا چاو بکەرەوە .

کاتێك غەریب شەیدا چاوی کردەوە خۆی لەبەردەم منارەکانی ئەرزڕوومدا بینی چراکانیان دەدرەوشایەوە . لە خۆشیاندا نەیتوانی بێدەنگ ببێت . بەپیرەمێردە نوورانییە سوارەکەی گوت : گەورەم من لە بەردەم تۆدا تاوانبارم . چونکە ڕاستم لەگەڵ نەکردیت ، من بەهەڵەدا چووم .. دەمەوێت بچمە شاری ( قارس ) . سوارەکە وەڵامی دایەوەو گوتی : « من ئاگادارم کردیت لەگەڵمدا ڕاستگۆ بیتو ڕاستیم پێبڵێیت بەڵام بۆ ئەم درۆیەت لێت دەبوورێم . جارێکی تر چاو بنووقێنە » . چەند دەقیقەیەك تێنەپەڕیبوو پیرەمێردی شۆڕەسوار پێی گوت : « ئێستا چاوت بکەرەوە » .

کە غەریب شەیدا چاوی کردەوە بینی خۆی لە نزیك شاری ( قارسەوەیە ) . جارێکی تر خۆیی پێڕانەگیرا بەڵام ئەم جارە لە بەر پێی پیرەمێردە نوورانییەکەدا کڕنووشی بردو لەسەر چۆك دانیشتو پێی گوت : ئەی پیرەمێردی شۆڕەسوار .. گەورەم من سێ جار گوناهبارم . من بەندەی تۆ غەریب شەیدام . من لە بەیانییەوە درۆم لەگەڵ کردیتو ڕاستیی بەسەرهاتی خۆمم پێنەگوتیت بەڵام بەڵێنت پێدەدم تا ماووم درۆت لەگەڵ

نەکەم • من دەمەوێت بچمەوە شاری تەفلیس • پاشـــان بەسەرهاتەکەی خۆیی بە ڕاستگۆیی پێڕاگەیاند •

**کە لێبووەوە شۆڕەسوارەکە پێی گوت :**

ــ تۆ چی مرۆڤێکیت •• لەگەڵم ڕاستگۆ نەبوویت بـەڵام لێت دەبوورم • ئێستا چاو بنووقێنە •

پیرەمێرد بێدەنگ بوو ، غەریب شەیـدا چاوی نوقاند • پاش چەنـد دەقەیەك پیرەمێردەکـە گوتی : « ئێستا چاو بکەرەوە » • کاتێك غەریب شەیدا چاوی کردەوە باوەڕی بەوە نەکـرد خۆی لە بەردەم دەروازەی شاری تەفلیس‌دا بینی‌یەوەو بە دەنگی بەرز لە خۆشیان‌دا هاواری کـرد « گەیشتم •• گەیشتم » پاشان لـە سوارەکـە نزیك بووەوەو لە بەردەمی‌دا نوشتایەوەو هەردوو دەستی ماچ کردن‌و سوپاسی زۆری کـرد • پاشان کەل‌و پەل‌و دیارییەکانـی خۆی لەسەر زینەکـە داگرت‌و گوتی :


ــ گەورەم هەرگیز ئەم چاکە مەزنەی تۆم لەبـیر ناچێتەوە بۆت‌کردم ، بەڵام داوای داخوازییەکی ترت لێدەکەم •

**سوارەکە پێی گوت :**

ــ پێم بڵێ داوای چی دەکەیت ؟

**غەریب شەیدا گوتی :**

ــ ئەگەر من‌باسی‌ئەم‌سەفەرەم بـۆ خەڵکی بکەم‌و پێیان بڵێم لە ئەرزنیانەوە گەیشتومەتە تەفلیس چونکـە لەو باوەڕەدام کەس باوەڕم پێ ناکات • تکات لێدەکەم بەڵگەیەکم بدەیە تـا خەڵکی باوەڕ بەوە بکات کە دەیڵێم :



سوارەکە بە زەردەخەنەوە گوتی :

ــ دانیشەو کولۆیەك خۆڵ لە سمی ئەسپەکە بکەرەوەو لــە گیرفانتدا هەڵیگرە • کاتێك باسی سەفەرەکەت بۆ ناســیاوو خزمەکانت دەکەیتو ئەوانیش بڕوایان پێ نەکردیت ئەوا داوایان لێ بکــە ئافرەتێکت بۆ بهێنن پێش حەوت ساڵ کوێر بووبێت • کاتێك ئافرەتە کوێرەکەت بــۆ لا دەهێنن ئەو کولۆ خۆڵـــــە دەربهێنەو لە چاوی بسووە کوتوپڕ چاوی ساغ دەبێتەوە •

غەریب شەیدا کولۆیەك خۆڵی لە ســمی ئەسپەکە کردەوەو لە گیرفانی قایم کــرد کــە چاوی بەرزکردەوە سوپاسی سوارەکە بکات نە سوارەکەو نە ئەسپە سپییەکەی بینی ئەو جار غەریب شەیدا سەری سوڕماو هەستی کرد کە سوارەکە ( خدر ئەلیاس )ە واتــە ( خدر زیندە )یە •

کەلو پەلو پریاسکەکانی هەڵگرتو ڕووی کــردە شار •• ئێوارە وەخت بوو ، بەرەو ماڵی خۆیان چوو •• کە گەیشــتە بەردەم ماڵ بە دەستی لەرزۆکەوە لە دەرگای داو بانگی کــرد : دایە ! دایە خێراکە وەرە • من میوانێکی خۆشەویستم سەرمامە •• برسیمە • تکات لێ دەکەم دەرگاکە بۆ کوڕەکەت بکەرەوە کــە لە سەفەرەوە هاتووە تا بێمە ژوورەوە •

گوێی لە دەنگێکی نزمی لاواز بوو وەڵامی دایــەوە : شوێنی نەناسیاومان لا نابێتەوە ئێمە نەدارین شوێنی نەناسیاوان لە لای دەوڵەمەندو بەهێزان هەیە • ئەم شەو لەم شارەدا زەماوەندە بڕۆ بــۆ وێندەرێ شوێنێك دەدۆزیتەوە شەو پشووی تێدابدە •

غەریب شەیدا وەڵامی دایکی دایەوە :

ــ دایە من کەس لە شاردا ناناســـم تکاو پاڕانەوەم دووبارە دەکـــەمەوەو لە یەزدان داواکارم کوڕە غـــەریبەکەت ســــاغو سەلامەت بێت •• لە پێناوی سەلامەتیی‌دا دەرگاکـــەم بـــۆ بکەرەوەو ڕێم بدە بێمە ژوورەوە •

لەم کاتەدا گوێی لە خوشکەکەی بوو بە دایکی‌گوت : دایە من دەرگاکەی بۆ دەکەمەوە •

دایکەکە سەرزنشتی کچەکەی کـــردو گوتی :

ــ ئەی نەفرەت لێ‌کراو چەندت حەز لێ‌یەچاوت بە لاوان بکەوێت‌و نانیان بدەیتێ •• تۆ حەزت بە دەمەتەقێ‌یەو منیش لە ناو خەم‌و خەفەتی خۆم‌دام‌و •• بۆ کوڕەکەم شین‌و شەپۆڕمە •• ئەوە حەوت ساڵە من بۆی دەگریەم‌و ئەوەند گـــریام چاوانـــم کوێرایی‌یان داهاتووە • لە شوێنی خۆت مەجووڵێ •

بەڵام کچە چەقاوەسووەکە بە گـــوێی دایکـــی نەکـــردو هەڵستاو ڕووی کردە دەرگاکەو بۆ غەریب شەیدای کردەوەو هاتە ژوورەوەو پێی گوت : ئەسسەلامو عەلەیکوم •• پاشان چووە نێو ژوورەکەوەو بەرانبەر بەدایکی دانیشت •

دەستی بە چاوگێڕان بە ژوورەکەدا کردو سازەکەی بینی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو • پرسیاری کـــرد :

ــ ئەوە چی‌یە بە دیوارەکـــەوە هەڵواسراوە ؟

دایکی وەڵامی دایەوە :

ــ چی میوانێکی فزووڵیت ئەم پارچە نانە بگرەو بڕۆرە سەر جێگەکەتو بەیانی پشت بە خوا ببەستەو بۆ هەرکوێ دەڕۆیت بڕۆ .

غەریب شەیدا گوتی : من پێم گوتیت تۆ دایکمیتو ئەمەیش خوشکەکەمە .. تکات لێ دەکەم بەسەرهاتی ئەم ئامێرە هەڵواسراوەم بۆ باس بکە .

پیرەژنەکە بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە :

ــ سازە ..

غەریب شەیدا وەڵامی دایەوە :

ــ ساز ئامێرێکی مۆسیقاییە دەیژەننو گۆرانیی لەگەڵ دەچڕن .. ئایا دایە ئەوەی دەیڵێم ڕاست نییە ؟

پیرەژنەکە وەڵامی دایەوە : بەڵێ ئامێری سازە .

لێرەدا غەریب شەیدا داوای لە خوشکەکەی کرد سازەکەی بۆ بهێنێتە خوارەوە بەڵام دایکەکە بە تووڕەیییەوە بە گژیدا چوو : نەء .. ئەوە نابێت .. چونکە ئەوە حەوت ساڵە سازەکە لەوێدا هەڵواسراوە ڕێ بە کەس نادەم بیژەنێت یان پەنجەی پێوە بدات .. دەبێت بەو جۆرە بمێنێتەوە تا کوڕەکەم دێتەوە .

لێرەدا کیژەکە هەڵساو لە سازەکە نزیك بووەوەو دایگرتو بە غەریب شەیدای دا . غەریب شەیدا سازەکەی وەرگرتو لە ئامێزی گرتو چاوی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو هاواری کرد :

خوایە تۆ هەموو شتێکت لە دەست دێت • داوات لێدەکەم سازەکەم وەك جاران لێبکەیتەوە •• وەك حەوت ساڵی لەمەوپێش •• یاریی بە ژێیەکانی سازەکەی کردو ئاوازی خۆش خۆشی لێدەدا پاش ئەوە دەستی بە چڕینی گۆرانییەك کرد •• ووشەکانی دەیان گوت :

من غەریبە هەژارمو ووشەکانیشم هەژارو ساکارن بەلام گەورەن خدری زیندە یارمەتیی دام لە چیا ڕووتەڵەکە دابەزیم •
من هەژارمو ووشەکانیشم هەژارن •• دایە بمناسەوە •• بمناسەوە من کوڕەکەی تۆم سەفەرم کردبوو ••

**پاش ئەم گۆرانییە دایکی لێی پرسی :**


ــ کوڕم تۆ ناوت چییە ؟

**غەریب شەیدا گوتی :**

ــ من ناوم ڕەشید پاڵەوانە •

**دایکەکە وەڵامی دایەوە :**

ــ جارێك بدوێو جارێکی تر گوێت لێ بێت •• ڕەشید •• تۆ بە گۆرانییەکەت دڵت پارە پارە کردم • شەوی ڕابوردوو لەخەودا بینیم سەرم تەواو سپی بووەو ئەمە حەوت ساڵە کوێرابیم داهاتووە بە هۆی ئەو هەموو گریانەوە بۆ کوڕەکەم دەیکەم • بێدەنگ بوو •• دەستی بە گریانو شەپۆڕکردو فرمێسکی گەرمی بەسەر گۆنادا دەهاتە خوار •



**پاشـــان گوتـــی :**

ـ پێم ناڵێیت کەی کوڕەکەم دێتەوە ؟

**غەریب شەیدا وەڵامی دایەوەو گوتـــی :**

ـ من کوڕەکـــەتم !

بەڵام دایکە کوێرەکـــە باوەڕی نەکـــرد • پاش ئـــەوە بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشـــا •• غەریب شـــەیدا شـــڵەژاندی و گوتـــی :

ـ دایە ڕێگەم بدە سازەکە لەگەڵ خۆمدا بەرم بـۆ ئـەو زەماوەندی نزیکتان •• کەفەرمووت زەماندو شاییەو خوشکم لەگەڵ خۆمدا دەبەم بۆ ئەوەی ڕێگەکەم پێ نیشان بـدات •• چونکـە دەمەوێت لەوێ گۆرانـی بڵێمو ، هەرچـی دیاریـم دەستکەوت پێشکەشـی ئێوەیان دەکـەم •

دایکەکە بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە : ڕێ بەکەس نادەم هەرکێیەك بێت پەنجە بەسازەکەوە بدات مادامەکێ کوڕەکەم لە شاردا نییەو ئەوەی گوتت قایل نابـم •

غەریب شەیدا وەڵامی دایـەوە : دایـە گوێ بگرە ئەگەر ژنێیەکـی بڕا چاکـی دەکەمـەوە ••

بەڵام پیرە ژنەکە دەستی بۆ بەردەمو چەپ ڕاسـت بـردو دەیویسـت شتێك هەڵبگرێت بەڵام دەستی بەر پریاسکەی کەڵو پەلەکەی غەریب شەیدا کەوتو دەستی لێدا زانیی پارەو زێڕی تێدایـە •• دەسـتی لە پریاسکەکە کێشایە دواوەو بەکچەکەی گـوت :

بۆ زەماوەندەکەی ببە ••

خوشکەکە هەڵساو دەستی غەریب شەیدای برای گرت، بۆ ماڵی ماگوڵ ـ میگێری بردو سازەکەیشی لەگەڵدا بوو •• کە گەیشتنە جێگاکـە خوشکەکە بەر لـەو چـووە ژوورەوە باشـان گەنجە چوارشانەکە چووە ژوورەوەو گورج دەسـتی بەبیرکردنەوە کـرد چۆن دەبێت ماگوڵ ـ میگێر لەگەڵ خورشید،

یەگ‌دا پێکەوە بژین • ئەم شەو دەبێتە ژنی • چاوی بەناو ماڵەکەدا گێرا ماگوڵ ـ میگیری بینی لەو دیوی پەردەیەکی ئاوریشمینی گرانەوە لەیوان دەستە خوشکەکانی‌دا دانیشتووەو جامێکی پڕ زەهری بەدەستێکەوەیەو بەو دەستەکەی خەنجەرێکی تیژی هەڵگرتووەو غەریب شەیدا بەخۆیی گوت : من ئاواتەخوازی مردن دەکەم بەر لەوەی ماگوڵ ـ میگیر پێکەوە لەگەڵ خورشید یەگ‌دا سەر لەسەر یەك سەرین بنێن •

لەم کاتانەدا بوو ماگوڵ ـ میگیر هەستی کرد کە غەریب شەیدای دڵداری لێوەی نزیکە • لە دەستە خوشکەکانیەوە بیستی کە کابرایەکی نەناسیاو لە ناو ماڵدایە • سەری بەرزکردەوەو سەرنجی دەرگاکەی‌دا •• غەریب شەیدای بینی بەرانبەر بەدەرگاکە ڕاوەستاوەو بەدەنگێکی بەرزی غەمبارەوە دەڵێت : سەلامون عەلەیکم •• پاشان گوتی ڕێم دەدەن بێمە ژوورەوە چونکە من کابرایەکی غەریبم لەم شارە •• گۆرانیتان بۆ دەڵێم‌و دڵتان خۆش دەکەم •

خورشید بەگ لێی نزیك بووەوەو پێی گوت : چۆن ڕێت نادەین •• میوانێکی زۆرمان هەیە چونکە لەزەماوەندو شاییداین •• ئەی میوانی غەریب وەرە ژوورەوە •• کەمێك گۆرانی‌ی دڵداریمان بۆ بچڕە •• ئێمەیش پارەو زێڕت پێ‌دەبەخشین •• کەمێك بێ‌دەنگ بوو پاشان گوتی : بەڵام کابرای نەناسیاو پێم ناڵێیت ناوت‌چییە ؟



**غەریب شەیدا وەڵامی دایەوە :**

ــ دەتەوێت بزانیت .. ناوم ( ئێستا دەبینن )ە ! بەڵام

خورشید بەگ بەسەر سوڕمانەوە لێی پرسیو بەگاڵتەو

پێکەنینەوە گوتی :

ــ ئەم ناوە ( ئێستا دەبینن ) یەکەمین جارە دەیبیسم .

**غەریب شەیدا وەڵامی دایەوە :**

ــ ئاغا سەرت سوڕنەمێنێت ، ئەم ناوە سەرگوزەشتەیەکی

لەگەڵدایە ، کاتێك دایکم دووگیان دەبێت باوکم کۆچ دەکاتو

من لە سکی دایکمدا دەبمو هاوسێکان هەموو ڕۆژێك سەریان

لێدەداو لێیان دەپرسی کوڕت بووە یان کچ .. ئەویش خوا نایە

زمانی پێی‌دەگوتن ( ئێستا دەبینن ) •• کە من لەدایك بووم ئەو ناوەی لێ‌نام •

دوای ئەوە سازەکەی هەڵگرتو دەستی بە گۆرانی چڕین کرد •• ووشەی گۆرانییەکـــە بەم جۆرە بوو : « لە شاری خالاف میوژاوێکی خۆشم نۆشی‌و خواوەند دوو باڵی پێ‌بەخشیم باڵم پێ‌گرتنەوە بەسێ ڕۆژ گەیشتمە تەفلیس » لێرەدا براکەی خورشید بەگ کە پیاوێکی شێتۆکە بوو گۆرانییەکەی پێ‌بڕی‌و خەنجەرەکەی هەڵکێشـــاو بەتووڕەیی‌یەوە لە جێی خـــۆی هەڵســـــاو هاواری کـــرد :

ــ ئەمە درۆیە چۆن بەسێ ڕۆژ لە شاری خالافەوە دەگەیتە تەفلیس ؟

**غەریب شەیدا گوتی :**

ــ بۆچی دەتەوێت لێم بدەیت •• من تەنیا راستی دەڵێم •• وازم لێ‌بێنن لە گۆرانی چڕیندا بەردەوام بم •• پاشن ئەوە ئێوە ئازادن باوەڕم پێ‌دەکەن یان نا ••

خورشید بەگ لە خەڵکەکە نزیك بووەوەو گوتی :

ــ لێی گەڕێن باگۆرانی بڵێت •

غەریب شەیدا دەستی بەگۆرانی چڕین کردو گوتی :

ــ نوێژی بەیانیم لە دۆڵی ئەرزنیان کردو نوێژی نیوەڕۆم لە ئەرز ڕووم کردو پێش ڕۆژئاوا بوونیش لە شاری قارســـن نوێژم کردو نوێژی شێوم لـــە شاری تەفلیس کـــرد • خواوەند

دووباڵی پێ بەخشیم و تائێرە باڵم پێ گرتنەوە .. خوا خاوەندی ئەسپە سپیەکە بپارێزێت چونکە من قەرزاربای ئەوم . ئەو خێرا وەك با گەیاندمیە ئێرەو خواوەند بۆ ئێرەی ناردم تا لەگەڵتاندا بەشداری ی زەماوەندی ماگوڵ ـ میگیر بکەم .

ماگوڵ ـ میگیر گوێ ی لە گۆرانی ی غەریب شەیدای دڵداری خۆی بوو ، زانی ی خۆیەتی جامە زەهرەکەی لەگەڵ خەنجەرەکەدا فڕێ دایە سەر زەوی . دەستە خوشکەکانی لێ ی نزیك بوونەوەو یەکێکیان پێ ی گوت :

ـ کەمێك شاد بەو پێ بکەنە ئەم شەو دەبیتە ژنی خورشید بەگ .


**کەچی ماگوڵ ـ میگیر وەلامی دایەوە :**

ـ ئێوە هیچتان ئاگا لێ نییە غەریب شەیدای دڵدارم لێرەیە گۆرانی دەچڕێت .. من دەنگی دەناسم .

پاشان هەڵساو قاچییەکی هێناو کونێکی لە پەردەکە کردەوەو لێوەی سەرنجی لە هۆڵی ئاهەنگ گێڕانەکە داو خودی غەریب شەیدای بینی . بەدەنگی بەرز هاواری کرد :

ـ بەخوا خۆیەتی

دوایی هەڵساو خێرا خۆیی گەیاندێ و باوەشی پێدا کردو لە خۆشیاندا بوورایەوەو کەوتە سەر زەوی .. بەتەنیشت یارەکەیەوە ڕاکشا ..


АШИК-КЕРИБ
«МАЛЫШ»

کەچی برای خورشید بەگ هێرشی بردنە سەرو خەنجەرێکی بەدەستەوە بوو دەیویست بیانکوژێت •• خورشید بەگ خێرا خۆیــی گەیاندیو دەستی گرتو پێی گوت :

ـ برام هێمن بەرەوە ئــەوەی لە تەوێڵ نووســرابێت •• دەبێت چاو بیبینێت •

ماگوڵ ـ میگیریش هۆشی بەبەر هاتەوەو تەماشای ئەم لاو ئەو لای خۆی کردو لەوەی کردی شەرمەزاری دایگرتو بەهەردوو دەستی دەموچاوی خۆیی ڤەشێردو خێرا لەو دیوی پەردەکەوە خۆیی وونکــرد •

خورشید بەگیش لە غەریب شەیدا نزیك بووەوەو پێی گــوت :


ـ ئێستا بۆم ئاشکرا بوو تۆ غەریب شەیدایت ••

هەروەها لەسەری چووو گوتــی :

ـ بەڵام بۆمان بگێڕەوە چۆن بەسێ ڕۆژ توانیت ئەم ڕێگا دووره ببڕیت ؟

غەریب شەیدا گوتی :

ـ ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن ئافرەتێکی خەڵکی شار بهێنن حەوت ساڵە کوێر بووبێت ئەوا من بینایی بۆ دەگێڕمەوەو چاوی ساغ دەکەمەوە ئەگەر ئەوەم نەکرد ئەوا درۆزنمو ئامادەم لە جیاتی درۆکەم سەرم ببەخشم ••



که خوشکه‌که‌ی ئه‌مه‌ی له براکه‌ی بیست خێرا بۆ ماڵه‌وه تێی ته‌قاندو ده‌ستی دایکی گرتو به‌ره‌و کۆشکی ماگوڵ ـ میگیری بردو پێی گــوت :

ـ دایه گیان به‌خــوا ڕاســته غه‌ریب شــه‌یدای کــوڕت گه‌ڕاوه‌ته‌وه .. خێراکــه بابچین بۆ لای وی .

بۆ ناو زه‌ماوه‌نده‌که‌ی برد . که غه‌ریب شه‌یدا دایکی خۆی بینی بۆ لای‌ده‌هات له‌به‌ری هه‌ڵساو داینیشاندو ده‌ستی برد کوڵۆ خۆڵه‌که‌ی له گیرفانی ده‌رهێناو به‌پێڵووی چاوی دایکی‌دا هێناو گوتــــی :


ـ خه‌ڵکینه بزانــن خدر زینده چه‌نــد مه‌زنه .

پاشــان گوتی: :

ـ دایه ته‌ماشام بکه .. چاووت ساغ بووه‌وه . دایکه‌که چاوی کرده‌وه‌و غه‌ریب شه‌یدای کوڕی بینی له‌به‌ر ده‌میدایــه له باوه‌شــی گرتو ماچی کردو سوپاسی خواوه‌ندی کرد کــه به‌ساغ و سه‌لامه‌تی هاتووه‌ته‌وه .

هه‌موو خه‌ڵکه‌که به‌هاتنه‌وه‌ی غه‌ریب شه‌یدا پێخۆشحاڵ و کامه‌ران بوون بگره خورشید به‌گ ئێوه‌ی نزیك بووه‌وه‌و پێی گــوت :

پیرۆزت بێت .. ماگوڵ ـ میگیر بوو بــه هاوسه‌رت .



غەریب شەیدا سوپاسی کردو پێی گوت :

ــ برام خورشید بەگ من خوشکەکەمت پێدەبەخشم کە دەوڵەمەندەو نەدار نییە وەك ئەوسا .. ئێستا زێڕو زیوی هەیە .. بیخوازە .. داوای شادیو کامەرانیتان بۆ دەکەم ..

لێرەدا بانگی خوشکەکەی کردو پێشکەشی بەخورشید بەگ کردو سەر لەنوێ دەست بەزماوەندو هەڵپەڕکێ کرایەوەو خورشید بەگ لەگەڵ خێزانەکەیدا بەکامەرانی ژیانو مامگوڵ ــ میگیریش لەگەڵ غەریب شەیدادا بەشادی ژیانیان بەسەر بــرد .

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق
(٦٣٧) لسنة ١٩٩٠

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
السلسلة رقم (٢٣٥)

# العاشق غريب

تأليف
ليرمنتوف
ترجمة
د.عدنان حقي زنكنه
و
مكرم رشيد الطالباني
عن الروسية

١٩٨٩

السعر |٥٠٠| فلس

دار الحرية للطباعة
بغداد

تصميم الغلاف :- غازي احمد